گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەهەندەهزریەکانی هونەری گوزارشتی

**بەسۆزمحمد مەولود**
بەشی شێوەکاری ، کۆلێژی هونەرەجوانەکان ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
basozzmuhamed@gmil.com

**پ.د. زێدان رشیدخان اودل برادۆستی**
بەشی شێوەکاری ، کۆلێژی هونەرەجوانەکان ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Zidan.bradostyzidan@gmil.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٤/٨
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٦/٣
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
هزر،هونەر،ڕەهەند،گوزارشت،شێوە،

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.11.3.5

## پوختە

بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندە هزریەکانی هونەری گوزارشتی) کە توێژینەوەکانی ئێستا پەیوەندییان بەخوێندنەوەیەکی گوزارشتیەوە هەیە کە کارە هونەرییەکانی شێوەکاریی مۆدێرن لێ بەرهەم هێنراون، هونەری گوزارشتی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە بارودۆخێکی سیاسی و ئابووری ئاڵۆز لەدایك بووە، کە جیهان زۆرترین گۆڕانکاری بەخۆییەوە بینی. ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە مانا و ئاڕاستەکانی هونەریان گۆڕی،ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە چوار بەش پێکهاتووە. کە بەشەکانی تایبەتە بە دەستنیشانکردنی ڕەهەندە هزریەکانی کاری گوزارشتی،توێژینەوەکە بە شێوەیەك ئەمەیە، بریتییە لە: ئەو پاڵنەرانە چین کە وایان کرد هونەرمەندان دووبارە کەرستەکان لە کارێکی هونەری بەکار بهێنەوە؟. دوای ئەوەی گرنگی توێژینەوەکە دیاریکرا: کە هەوڵی دۆزینەوەی ڕەهەندەکانی جوانی گۆڕانکاری بکرێت هونەرمەند توانویەتی ئازاد بێت ،وە هەروەها توێژینەوەکە بریتییە لە (چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە)، کە لەچوار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تویژگە پێکهاتووە .توێژگەی یەکەم کە باس لەوە دەکات، هونەری ڕەهەندە هزریەکانی کاری گوزارشتی جۆرێکە لە نوێبوونەوەی گشتگیری چەمکە هونەرییەکان و شێوازی دەربڕینیان و تێڕوانینی کۆمەڵگا و هونەر و تێڕوانینی هونەریش وەک کاردانەوەیەک کە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنەی دروستی کردووە. تویژگەی دووەمیش تایبەتە بە: (درکی گوزارشتی) بەبەهای کاری گوزارشتی باس لە مانا و شێوازی کارە هونەریەکان دەکات. توێژگەی سێیەمیش بریتیە شێوازو پێک هاتەکەو تەکنیەکەکانی کاری گوزارشتی. توێژگەی چوارەمیش بریتیە لە خستنە ڕووی کاری گوزارستی کە لێرەدا، ئاراستەکانی هزری و گوزارشتی. بەم شێوەیە لەکۆمەڵە باسێکن هەمویان هاتون بەم جۆرەی خوارەوە دابەشکردنەکە شی دەکرێتەوە:

1- تابلۆی گوزارشتی توانیان یەکخستنێك دروست بکەن لە دارشتنەوەی ڕەگەزە هونەریەکان لە نێوان خودی بەکارهێنراو..
2- هونەرمەندانی وێنە کێشەکان توانای بەکارهێنانەوەی کەرستەو خامە بەکارهاتووەکانیان هەیە لە دووبارەکردنەوەی سرووشت و کارەکانیان.
3- ڕوونکردنەوەو خستنە ڕووی کۆمەڵە کارێکی گوزارشتی ،گەیشتن بە دارشتنی کۆمەڵێک دەرەنجام، لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێکراوە، جگە لە دیاریکردنی سەرچاوە و ئاماژە سەلمێنراوەکان و کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیار دەکات. وە هەروەها ئەم توێژینەوە بە پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی دێت.

## پێشەکی:

لێرەدا توێژینەوەیەک لەسەر ئەم بابەتە باسێک دەکرێت کەهونەرو گوزارشت تێکەڵ بە یەکتری دەکات کە بۆ بینەر لای قورس بێت بتوانێت کارە هونەرییەکان لەهەموو ڕویکەوە گوزارشتی لێوەبکرێت وە هونەرمەند ئازاد بێت لەدەربڕین وتێکشکانی فۆڕمەکان هونەری شێوەکاری بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەنهاکارێک نەبێت کەلە لەیەک ڕووی سەیربکرێت، بۆیە چەندین هونەرمەند لەکاری گوزارشتی فراوانی بەکارەکانیان درا هونەمەندانی کوردیش لقێک بوون لەگوزارشتی، ئەمە جگەلەوەی هونەرمەندانی کورد بۆ گوزارشتکردن لە ئاڵۆزیە سیاسی و ئابووری و ژینگەیەکانی کوردستان و کێشەو ئازارارەکانیان سودیان بینیوە هاتون هەوڵیان دا دووبارە کەرستەکان بەکاربێنەوەو شیکردنەوەکانیان بۆ بکات ودووبارە بۆ گوزارشتی ئەوژینگەی تاکی تێدا دەژی، واتە؛ هونەری گوزارشتی چەندان چەمک وبیرۆکەوکاری نوێی دەخاتە ڕوو.وەهەروەها هونەری گوزارشتی مێژوویەکی دێرینی هەڵگرتووە، و لەگەڵ پێشکەوتنی هونەری، خێرا گۆڕانکاری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدابەخۆیەوبینی، کە گۆڕانێک لە کولتووری کۆمەڵگە و بزووتنەوەی هونەریداسەری هەڵدا، وە دەستی کرد بە پێکهێنانی زاراوەیەکی فۆرماتیکی نوێ بۆ هزری مۆدێرن، ئەم توێژینەوەیەی ئێمە هەولێکە بۆ توێژینەوە لە (خەسڵەتەکانی گوزارشتی ) هەر لەسەرەتای دەرکەوتنەکانی تاکو ئێستا وکاریگەریەکانی لەسەر ژینگەی هونەری وبیری ئەم هونەرە، کارگێڕی وناوەندی هونەریەکانو تێکەڵبوون بۆناوکایەی گشتی، وە هونەرمەند زەمینەیەکی ڕەخساند، وەك ئەرکێکی تازەی هونەری بۆ بینەرو بەشداربوان هێنایە ئاراوە، هەڵبەت ئەم شێوازە نموونیە لە ئیشکردن لە بارودۆخێکی نوێدا هونەرمەندانی خستە بواری نواندنی دەربڕین. هونەر وەك داهێنانی ئامرازێکی دەربرینی کاریگەر بوو کەوا لە بینەر دەکات باشتر بیربکاتەوە و بەشدارییبکات لە پرۆسیسی کاری هونەری سەرەڕای ئەوپرس و ئاڕایەی کە باسمان کرد.

## کێشەی توێژینەوەکە:

هونەری گوزارشتی لە جیهانێکی ئاڵۆز لەدایك بووە، کە زۆرترین گۆڕانکاری بەخۆییەوە بینی. ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە، مانا و ئاڕاستەکانی هونەریان گۆڕی، گۆڕانکارییەك تەنانەت سروشتی پەیوەندی نێوان هونەرمەند و بینەری خستە دۆخێکی جیاوازتر، بە ئەندازەیەك بینەر چیتر تەنها وەك وەرگرێك نەمایەوە، بەڵکو زۆر جار دەبووە بەشێکی سەرەکی کارە هونەرییەکە. ئەمە جگە لەوەی هونەری مۆدێرن کۆتایی بە تیۆر و یاساکانی مەنهەجی و ئەکادیمی پێشووتری هێنا و زمانێکی دیکەی بۆ پەیوەندی کردن و گوزارشت لە ڕووداوەکان دۆزیەوە. بە شێوەیەك توانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆرێك لە فۆرم و شێوەکانی هونەرو کۆمەڵە هێڵ و ڕەنگی هێنا ناو هونەر توانی تێکەڵ بە یەکتری بکات. لەلایەکی دیکەشەوە هونەری ئەو قۆناغە توانی خاوەنی زمانێکی تایبەت بەخۆی بێت بۆ ئەوەی گوزارشت لە شتەکان بکا، ئەو زمان و گوزارشتەی کە پشت بە توانا خودییەکەی هونەرمەندەوە دەبەستێت. بە مانایەکی تر گۆڕانکاریە خێرای هینایە ئاراوە وەك فشاری تەکنەلۆجیا و گەشەسەندنی بزوتنەوەی ژنان و مافەکانی مرۆڤ و جیهانگیری و گۆڕانکاریە خێراکانی بازرگانی و شەرو...تاد، فشاریان خستە سەر هونەرمەند بۆ ئەوەی هەوڵی ئەزموونی نوێی و خاوەن بەهای هونەری و هزری بدات. ئەو جۆرە هەستکردنە بە خود و تاکایەتی لای هونەرمەند، دواجار بوو بە بابەتی هونەری بۆی. بە چەشنێك هونەرمەند لە ڕێگەی دەسپێکردنی تەکنەلۆجیا لاسایی هەنگاوە زانستییەکان بکاتەوە و بۆ بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکان ئەزموونی زیاتر تاقی بکاتەوە. ئەو توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی هونەری گوزارشتی جیهانی، لە ستایل و ڕەهەندەکانی جوانی و هونەرییەکانی، بە شێوەیەك دووبارە بەکار هێنانەوەی کەرستەکان، وەك گوزارشتی هونەرمەند لە دۆخی ئابووری و بەرخورد ،کە هونەرمەندانی مۆدێرن دووبارە کەرستە بەرخوردەکانیان بەکار دەهێنایەوە بۆ کارێکی هونەری، ئەمیش بۆ گوزارشت کردن لە کەمی بەرهەمهێنان و زۆری بەرخورد. واتە پەیوەندی نێوان بەرهەم و بەرخورد ، پەیوەندییەکی گەورەی هەندێك لە هونەرمەندانی مۆدێرن بوو.

## گرینگی توێژینەوە:

گرینگی ئەم تویژینەوە یە لەوەدایەکەسودێک بگەیەنم بۆبیری کۆمەڵگای کوردی وهونەری کوردی وبیری هونەرمەندانی کوردستان کەوای کردوە ئەم توێژینەوەیە بکەم .

١-تاوەکو خزمەتێک بەهونەری کوردی بگەینم .

٢- سەرچاوەیەکی هونەری نوێیە بەزمانی کودری بۆخزمەت کردنی کتێبخانەی هونەری کوردی دەوڵەمەند بکەم .

٣-تاوەکو خوێنەرانی دوای خۆم بتوانن سودی لیَ ببینن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئامانجی توێژینەوە:

دەرخستنی بەهرەی هونەرمەندانی کورد لەسەرڕەهەندە هزریەکانی کاری هونەری گوزارشتی لەکاری هونەرمەندانی وێنەکێشی کوردیدا ،ئاشنابوون بەرەهەندە گوزارشتتیەکانی لەکاری هونەرمەندانی کوردستان، وەهەروەها دەوڵەمەندکردنی بیروهزری گوزارشتی لەناو هونەرمەندانی کوردستان ،هەربۆیە کەمی توێژینەوە وادەکات زیاتر گرنگی بەوبابەتانە بدرێت کە پێشتر کەمتر سەرچاوەی لەسەر کراوە.

## سنوری توێژینەوە:

سنوری بابەتی؛ ڕەهەندەهزریەکانی هونەری گوزارشتی لەکاری هونەرمەندانی وێنەکێشی کوردیدا.

سنوری شوێن؛ سنوری  هەێمی کوردستان لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بۆئەوەی شارەزایی تەواوی ناوچەی کوردستان لەسەر گوزارشتی لەم دوایانەدا فراوان بونی بیری گشتی و هزری گشتی هەروەها دەرخستنی کاری گوزارشتی لەوناوچەیە کەچۆن هەر ئیشێک وداڕشتنی خۆی هەیەو با پێی پێوەورو گوزارشتیەکەی گوزارشتی بۆدەکرێت(هەولێر-دهۆک- سلێمانی-کەرکوک).. سنوری کات ؛ (٢٠٠٠-٢٠٢٥)

## چەمکی زاراوەکان:

**پێناسەی زاراوەی ڕەهەند:** زاراوەیەکە بەکاردێت بۆشیکرنەوەی بابەتەکان و ڕونکردنەوەو بەرچاوڕونی بابەتەکان، ڕەهەند خۆی واتای فراوانی لە بیروبۆچۆن و ڕاوبۆچون بۆیەش هەموو ئەوراوبۆچونانە دەکەوێتە سەر ئەو بابەتەی کە باسی لێوە دەکرێت هەمووديوەکانی بابەتەکە بەستراوەتەوە بەو بابەتەی لێوەی باس دەکرێت، دەشکرێت بابەتەکە هزری بێت یاخود بەرجەستەی بێت کە بابەتەکەی لێوە باس دەکرێت.

**پێناسەی زاراوەی گوزارشت:** ئەوجۆری دەرخستنەیە کە هەرکەسێک توێژەر بێت یاخود هەر وتە بێژێک بێت کە بیرو بۆچونی خۆی دەردەبڕێت لەسەر هەر بابەتێک بیەوێت قسەی لەسەربکات، لەڕووی دەروونیەوە خاڵی بێتەوە.

**پێناسەی زاراوەی هزر:** بەشێوەیەکی گشتگیر زاراوەی هزری بریتییە لە لەدەرخستنی بیر. وەلقێکە لە هونەری نەبینراوو، کار لە سەر بیرکردنەوەی بیرۆکەکان دەکات بە پەیڕەوکردنی شێوەی (هزری) ،لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین جۆری جۆراو جۆری شیکردنەوە. چێژ وەرگرتن لەم هونەرە لەڕێگای بینینەهزریەکان، وە شی دەکرێنەوە بە هاوسەنگی و جوڵەی ئەقڵیە هزریەکان دەبێت. هەر بۆیە بەم شێوەیە پێناسەی هزری دەکرێت هەرکارێك کەخاسیەتی ڕەهەندی هزری هەبێت لە هونەری شێوەکاری ئەو کات چەندین ڕووی بیرکردنەوەی لەخۆدەگرێت.

## بەشی یەکەم : هەڵبژێری لە چوارچێوەی بینیندا

**تەوەری یەکەم:** ڕەهەندەکانی ڕووی کاری گوزارشتی
**تەوەری دووەم:** درکی گوزارشتی
**تەوەری سێیەم:** شێوازو پێک هاتەکەو تەکنیەکەکانی کاری گوزارشتی
**تەوەری چوارەم:**خستنەڕووی کاری گوزارشتی

## بەشی دووەم

### چوارچێوەی تیۆری

**تەوەری یەکەم: ڕەهەندەکانی ڕووی کاری گوزارشتی**: ئەستەمە بە دیهێنانی جیهانیك پر لە زیندوێتی بە ئامرازێك سە رانسە ر لە ڕاوەستان و چە ق بەستوویی بە تایبە ت بۆ هونەرمە ندیکی شیوەکاری (نیگارکیش) کە ساڵانێکە شێواز و تە کنیکی کار کردنی سە رانسەرە لەجووڵە بە دیهینانی ساتە وەختێکی جولاو بەخێرایی وە شاندنی فڵچەکانی و بەرێزگرتن لە بەرەنجامە خوبەخۆکانی وەشاندن (زکریا, الفنان والانسان -دراسات فی علم جمال و الفلسفه الفن , ١٩٧٣,

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لاپەڕە ل ٧٨) ه. ئەم ئەزمووـنـەئەزمونی چەندجارەی هونەرمەندە لەگەڵ کارەکانی، بە لام تێپەڕاندنی هەرچی زیاتری سنورە تیپەرینراوەکانی پێشوو لەخودەگرێ. کاری گوزارشتی وای ڕاهێناوین کەتێڕامان وەپەیبردن بە کارکردن وتێڕامان ڕاستەوخۆی کەبمان گوێزیتە وەبۆ سنورەکانی ئەودیو تێکەڵاوبون تێکەڵی و قوڵ بونەوە، ڕەنگــە سەوداییەکی وا لەکارکردنی شێوەکاری دا .بەڵام لەسە ر بابەتێک کەتایبەت بێت بەکارەکە کە پروسیسیك بیت لەگەڵ کۆمەڵگا بگونجێت یان نەگونجێت وە بـەدەر لەهـەمـوو توانا بەکارهێنانی کۆمەڵە، ستایلێکی زیندووتێکەڵ بەهەست و بیرکردنەو هزری هونەرمەند تێکەڵ بیت . ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییە لەنێوان فۆرم، ناوەڕۆک لە هونەری گوزارشتی بە بەراود لەگەڵ سەردەمەکانی پێش خۆی گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەر دێت، ناوەڕۆك کردارێکی هزرییە لە ڕێگەی ڕەنگ، شێوە تێکشکاوەکانەوە دەردەکەون، واتە پێویستیی بوونی ناوەڕۆکێکی دیاریکراو لە بەرهەمە هونەرییەکان، بەکرداری ڕێکخستن هزری دەردەکەون هەیە وەدەجوڵێندرێن، ئەمیش بە پێی گواستنەوەی گرنگی لەسەر ئاستی شێوەیە وە پشتدەبەستن بەهزر، گواستنەوەی بۆ مانایەکی دیاریکراو، وە گواستنەوەی بۆ بیرکردنەوەی بینەر، تێکەڵ بوون بە ئایدیای هونەرمەند. واتە هەرخودی شێوەیە بە تێکشکاوی، یان ستایلێکی نوێی هاوچەرخانە، مانا دەدات بەدەستەوە، بەشێوەیەك گوزارشت، مانا لە شێوەیەکی نوێی مۆدێرن و ستایلێکی جیاوازەوە دەردەکەوێت مانا بەبێ شێوەیەکی بەرجەستەکراو هیچ مەفهومێك ناگەیەنێت. (زکریا, ١٩٧٣،٨٠) لە کۆی ئەم هەموو گۆڕانکاریە خێرایانە کە مانا و ئاراستەی هونەری گۆڕی، لە پاڵیشدا سروشتی هونەرمەند و وەرگری بردە ئاستێکی جیاوازتر. بە ئەندازەیەك مەبەست لە هونەر و دەربڕین چیدی مەبەستێکی کلاسیکی نیەکەگوزارشت لەئاین یان سیاسەت یان بابەتێکی کۆمەڵایەتی بکات، لەماناو بیرۆکەیەکی نوێ.

**تەوەری دووەم درکی گوزارشتی:**

لەم توێژینەوەیە بە شێوەکی فراوان باسي کاری هونەری گوزارشتی و بەباهبونی کارەکە دەکرێت بەشێکي هەرێمی کوردستان کردووە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم ڕەنگ دانەوەی لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵگا کە تا ئێستاش ئەو کاریگەریەی هەیە قۆناغ بەقۆنای بەرەو پێشچوون و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فراوان بوونی هونەری گوزارشتی ماوە وە هەروەوەها حاڵەتی سایکۆلۆجی مرۆڤ وەشێوازی وە هەڵسوکەوتی خەڵکی ئەڵمانیا بەتایبەت ئەوان لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەڵمانی کۆمەڵگایەک بوون کە زۆرترین زەرەری کرد بەهۆی ئەو جەنگەوە کە جەنگی جیهانی دووەم بوو, هەر بۆیە زیاتر شێوازو بەهای گوزارشتی ڕەنگ دانەوەیەکی زۆری هەبوو هۆروەها لەونێوەندەدا باسی کۆمەڵە هونەرمەندێک دەکەین، هونەری گوزارشتی بەو شێوەیە وەسف بکرێت کە هێشتا لە قۆناغی بنیاتنان و پەرەسەندندایە، ئەم گۆڕانکارییانە لە چەمکی هونەریدا ڕێگەی خۆشکرد بۆ گۆڕانی خودی کەرەستەکان کاتێک ئەو کەرەستانەی کە لە بواری هونەریدا ئاشنا نەبوون، یان قبوڵ نەکرابوون، خراونەتە ناو نیگارکێشی وسروشتی ئەو کەرەستانە و تەکنیکە مۆدێرنەکانیش پێویستی بە بەکارهێنانی کەرەستەی نوێ کرد، گۆڕانکاریانە و سەرهەڵدانی تایبەتمەندییە جیاوازەکان کە ڕێگەیان بۆ ئاسۆی نوێ. (ستولینتز ج. , ٢٠٠٧, ٣٩٧)

## تەوەری سێیەم: شێوازو پێک هاتەکەو تەکنیەکەکانی کاری گوزارشتی:

هونەری گوزارشی بەو شێوەیە وەسف بکرێت کە بەردەوام قۆناغی بنیاتنان و پەرەسەندندایە، ئەم گۆڕانکارییانە لە چەمکی هونەریدا ڕێگەی خۆشکرد بۆدوای خۆی گۆڕانی خودی کەرەستەکان و کاتێک ئەو کەرەستانەی کە لە بواری هونەریدا ئاشنا نەبوون، یان قبوڵ نەکرابوون، خراونەتە ناو نیگار کێشی و سروشتی ئەو کەرەستانە و تەکنیکە مۆدێرنەکان پێویستی بە بەکارهێنانی کەرەستەی نوێ کرد.چونکە ئەو میتۆدە هونەرییەی کە لە سەردەمی هونەری مۆدێرن تا باوبوو زاڵ بووە (محمود, ١٩٨١, ٢٠١) و ئەمەش مانای ئەوەیە هونەر لەم قۆناغەدا شاهیدی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو کە پێشتربە تەواوی دروست نەبووبوو ، هونەری گوزارشتی بە سروشتێکی دینامیکی تایبەتمەند لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا کارلێک دەکات کە هونەر ئەوتەکنیک وهێڵ و باگراوندانە دادەڕێژێت ، کاریگەری جیهانگیری لەسەرە و گوزارشت لە فرە کولتوری دەکات، هەر لەبەرئەوە ئەگەر دەرفەتیان هەبێت توانای خۆیان بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەخشین و خستنەڕووی چەمکی نوێ بسەلمێنن . (الان ،١٩٩٤،٦٠)هەروەها سوود لەو شتانە وەردەگرێت کە تەکنەلۆژیا دەتوانێت لە بوارەکانی هونەردا پێشکەشی بکات، بە بەکارهێنانی لە چەندین پێکهاتەو تەکنیک تێیدا هەموو ئەم ئامرازانە لەلایەن هونەرمەندەکانی مۆدێرن بەکارهێنران بۆ بەرهەمهێنانی کارە هونەرییە نوێیەکان،دەربڕین، ناوێکە بە بزووتنەوەیەکی هونەریی دەوترێت وەک هەموو کارێکی هونەری کە تێیدا نوێنەرایەتی و هاوشێوەکردنی سروشت دەکەوێتە بەر دەربڕینی هەست و سۆز و هەستە بابەتییەکان و گۆڕانکاری لە توخمە سروشتیەکان یان شێوەکان دەکات بۆ دۆزینەوەی کاریگەری دەربڕینی .پاش پیشەنگایەکەی فوفیزم ی فەرەنسییەکان بە ماوەیەکی کەم ڕەهەندی هونەرمەندی گەنج لە شاری درێسدن لە ئەڵمانیا لە یەک نزیک بونەوە گرووپێکی هونەری کەلەگەڵیان بەژداربوو گروپیان پێکهینا کە ئەم هونەرمەندە گەنجانە یەکێک لەوانە (ئێرنست لودڤیک کیرشنەر) بوو بیروڕای دەربارەی هونە ردەربری (ئێرنست لودڤیک کیرشنەر) بیروڕای دەربارەی هونەر.نموونەی کارەکانیانی باسکردن لەسەرەوە ئەم نموونەیە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی مانا و شێواز، کاتێك لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ستایلێکی نوێی تاقیکردەوە وەک **(لە وێنەی1 دا کاری ئێرنست لودڤیک کیرشنەر)** (بورجە سورەکەی شاری هەلە 1915لەگەڵ کارل شمیت ڕۆتلۆف



**کاری ئیرینست 1وێنەی**

کە(ئافرەتێک بە جانتایەک )کارەکەی هونەرمەندانی ئێکسپرێسیۆنیزم بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگی دەدەن بە لە گۆڕانکارییەکانی مانا و شێوازکەی وەڵام و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی کارەکە، بۆیە بۆ بینەر ئاسان نیە لە تێگەیشتنی ناوەڕۆکی کارەکان. (محمود ،١٩٨١،٧٠)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەری چوارەم:خستنە ڕووی هێڵ و ڕەنگی گوزارشتی:

هونەرمەندانی مۆدێرن کەکاردەکەن لەسەر  هونەرە باوەکان ڕەتدەکەنەوەو بیرۆکەی (فرەیی تەکنیکی) شێوازی هونەری جۆراوجۆر قبوڵ دەکەن. هونەرمەندی مۆدێرن لەژێر کاریگەری کام لە بزوتنەوە هونەرییەکان کە فاکتەرو توخمە هاوبەشەکان کۆیان دەکاتەوە و لەژێر ناوی جۆراوجۆر. (رضی, ٢٠١٧, لاپەڕە ص٣١)



بەمانایەکی دیکە، هونەری مۆدێرن"هونەرێکی گوزارشتی تێدابەرجاستەیە کە لەسەر بنەمای هێڵ و خەت یان پێکهاتن لە خودی سروشتدا دامەزراوە، بنیادنانی شێوەی بازنەی گەورە، دیواری درێژ، یان بەبەکار هێنانەوەی کەرەستەی جۆراجۆر، هونەرمەندان بۆ گوزارشتکردن لە سروشت و ژینگە چوونە نێو سروشت، ئەو مادانەیان دووبارە **وێنەوێنەی ٢کاری سیزان** بەکارهێنایەوە کە لەنێو تابلۆکان و هێڵ و خەت چونکە هونەرمەندانی هونەری گوزارشتی پێیانوایە پەیوەندی نێوان سروشت، مرۆڤ پەیوەندییەکی بەهێزە بە شێوەیەك پەیوەندی نێوان مرۆڤ، ژینگە پەیوەندییەکی بەهێز و دانەبڕاوە، هەردووکیان کارلێکی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ لێکدەکەن، هونەرمەند لە هونەری گوزارشتیدا بەشێوەیەکی عەقڵانی کار لەسەرگشتی دەکات، بە شێوەیەك پێیوایە کە بە مەبەستی هونەری دەکرێت کاری لەنێو بکرێت ( رضی, ٢٠١٧،٩٠) نوێگەرایی لە وێنەدا، کە بانگەشەی بۆ ئازادی شێوە لە هێڵدا دەکرد و دوبارەکردنەوەی پێکهاتەی شێوازی کارە هونەریەکە بە کۆمەڵێك هەڵبژاردن لە گۆڕانکارییە یەک لە دوای یەکەکانی هونەری مۆدێرن دروستبوو ، هونەری بیرەنگیزخوازی(**Impressionism**) کاریگەریەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، وازیان لە تابلۆی قەبارە گەورە پڕ ووردەکاری و بابەتی مێژوویی و ئەفسانەیی و ئایینی هێنا و گرنگی بە پەرچە کرداری چرکەساتی هونەرمەند دا ، لە بەرامبەر دنیای بینراودا. (محمدی, ٢٠١٨, ٤١) چونکە ئەوان باسی واقیع دەکەن، لەگەڵ ئەزموونی هونەرمەند، ئەوەندەی بە شێوەی بینین دەدات، گرنگی بە دیمەنەکە نادات (عبدوالواحد, ٣٩،١٩٨٧)٠ وەک لەوێنەی( ٢) دەبیندرێت دوای ئەوە هەڵبژاردن و بەدواداچوون بۆ شێوازە هونەریەکان کرا ، بەتایبەت لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەری مۆدێرندا، ئەو ڕۆڵەی ئاشکرا کرد، ڕەنگەکان و گۆڕانکارییە سۆزدارییەکان، چونکە ئیلهامیان لە هەستەکانی سروشت وەرگرتووە، ئەمەش خاڵی دەستپێکیان بوو بەرەو هونەری مۆدێرن، شکاندنی بەربەستە کلاسیکەکان (عبدوالواحد, ١٩٨٧،٣٩)، کە گوزارشیان لە کەسایەتی (خود)ی خۆیان دەکرد، کە هەست و سۆز تییدا زاڵە. بەشێوەیەکی ئازاد و بوێرانە ڕەنگی گەشاوەیان بەکاردەهێنا،ڕەنگەکان ئازادییەکی لە رادەبەدەر دەبیندرێت، ئەمەش وای لە کارەکانیان کردوە، هونەرەکە دڕندانەتر بێت) (اموار, ١٩٨٨،٨٠) دوای ئەوەش بیرۆکەکانی شەشپاڵووخوازی (Cubism). هاتە کایەوە لە لایەن هەردوو هونەرمەند(کانڤێلەر، پیکاسۆ) دەستییان کرد بە نمایشکردنی هونەری ئەندازەیی کە لەم بوارە پێشەنگ بوون وەک تابلۆکانی بیکاسۆ لئەم هونەرمەندە هەوڵیاندا جیهان بە (یعقوب , ١٩٨٧, ٤٥٠)مۆدێرنیزمیدا، ڕێبازێکی پێشەنگ و تایبەتی هونەری و ئەدەبییە، جواڵانەوەیەکی دژ بە کۆنە پەرستانەیە. هەروەها دەتوانین بڵێین دادا یەکەم شکانی خود ئاگایانەیە بەبەردەوامی کلتووری بۆرژوازی ولەڕوو ئایدۆلۆژییەوە، دژوەستانی هونەری تاکەکسییە بەرامبەر ئەو کۆمەڵگەیەی جەنگی جیهانی یەکەمی خوڵقاند هەروەک باسمانکرد ئاماژەمان بۆ کرد کارە گوزارشتیەکان زمانی فۆرم و ڕەنگدا کردووە ئەو زمانەیەکەتیی چووە، یان زیاتر ئەو بیرکردنەوەیەی و پشتبەستن بە فەزای تابلۆکە وەک تاکە بۆشایی ناو تابلۆیە.

هونەرمەندانی گوزارشتی وازیان لە شێوازی کۆن و تقلیدیەکانی جاران هێنا. هونەرمەند لە کارە هونەریەکان پشتی بە توانای خۆی دەبەست بۆ بەرهەمهێنانی هەر کارێك بە بەکارهێنانەوەی کەرستەی جۆراو جۆر، ئەو گۆڕانکاریانە لە هونەری گوزارشتی بە گرنگترین هۆکار دادەنرێن بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی زۆر لە شیوازی نوێدا. کاریگەری فکری نوێ و تێک شکاوی و هاتنە کایەی مەتریالی جۆراوجۆر، لە هەمان کاتدا ڕەوتی بەرەو پێشچوونی کۆمەلگا هۆیەکی سەرەکییە بۆ بەرەو پێش چوونی هونەر. کە هەموو ئەم هونەرانە بە پێی قۆناغ و سەردەم گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بێگومان لەم گۆڕانکارییەدا مەترِیالی گونجاو هۆکارێك بووە بۆ بەرجەستە کردنی کارە هونەرییەکان، بۆیەش هونەرمەندانی گوزارشتی بیریان لەوە کردووە کە دووبارە هزری نوێ بهێنە ناو کاری هونەری، هێنانە ناوەوەی فکرو هزری نوی و بەکار هێنانی کەرەستەکان، یەکێکن لە تایبەتمەندییە دیارەکانی هونەری گوزارشتی و بەشێکی گرنگی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەهێنێت.وەک،وێنەی(**٣داراحەمەسەعید**)ە هونەرمەندی کورد بۆتێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی مانەوە شێواز کاتێك لە ڕابردوو ئێستایدا. (علی, ٢٠٠٨،٤٠)



**کاری٣دارا محمد علی**

ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییە لەنێوان فۆڕم، ناوەڕۆک لە هونەری مۆدێرن بە بەراود لەگەڵ سەردەمەکانی پێش خۆی گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەر دێت، ناوەڕۆك کردارێکی هزرییە لە ڕێگەی ڕەنگ، شێوە تێکشکاوەکانەوە دەردەکەون، واتە پێویستیی بوونی ناوەڕۆکێکی دیاریکراو لە بەرهەمە هونەرییەکان، بە کرداری ڕێکخستنی هزری دەردەکەون، دەجولێندرێن، ئەمیش بە پێی گواستنەوەی گرنگی لەسەر ئاستی شێوە بە پشتبەستن بە هزر، گواستنەوەی بۆ مانایەکی دیاریکراو، گواستنەوەی بۆ بیرکردنەوەی بینەر، تێکەڵ بوون بە ئایدیای هونەرمەند، واتە خودی شێوەیە بە تێکشکاوی، یان ستایلێکی نوێی مۆدێرن. مانا دەدات بەدەستەوە، بەشێوەیەك گوزارشت، مانا لە شێوەیەکی نوێی مۆدێرنە و ستایلێکی جیاوازەوە دەردەکەوێت لەهێڵ و خەتی کارەکانی مانا بەبێ شێوەیەکی بەرجەستەکراو هیچ تێگەیشتنێک ناگەیەنێت، لە کۆی ئەم هەموو گۆڕانکاریە خێرایانە کە مانا و ئاراستەی هونەری گۆڕی، لە پاڵیشدا سروشتی هونەرمەند و وەرگری بردە ئاستێکی جیاوازتر. بە ئەندازەیەك مەبەست لە هونەر و دەربڕین چیدی مەبەستێکی کلاسیکی نیە کە گوزارشت لە ئاین یان سیاسەت یان بابەتێکی کۆمەڵایەتی بکات، بەڵکو دەربڕینی ئەزموونی بابەتییە بەبێ پەرۆشی بۆ ناوەڕۆکی بابەتی و ناساندنی هونەی مۆدێرن کارە نوێیەکانی پەیوەست بە کلتووری جەماوەری و مەیلی گشتی هێنایە ناو کاری گوزارشتی هونەری کوردی. یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی هونەری مۆدێرن، (ستولینتزج, ٢٠٠٧،١٠١) کۆکردنەوەی فۆڕمی بوولەنێوان ڕەهەندی سێیەمی خەیاڵی وڕاستەقینەدا. بەواتایەکی دیکە تێکەڵکردنی، فۆڕمی بەرجەستەبوو لەگەڵ فۆڕمێکی فلات وهونەرمەندان شێوازی تێکەڵکردنی هونەری کۆلاج ڕەنگ وهێڵ کۆکردنەوەیان پەیرەو دەکرد، هەروەك چۆن کاری هونەری مۆدێرن پشتی بەبەکارهێنانی تەکنیکە جۆراوجۆرەکان بەستبوو،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیەش بەکارهێنانی کەرەستەی جیاواز بەیەکەوە، مانایەکی دیکەیان دەدا بە هونەری شێوەکاری، تەنانەت جگەلە بەشەکانی هونەری شێوەکاری، هونەرمەندان هەمووستایلەکانیان تێکەڵ بە کارە هونەرییەکانیان دەکرد، واتە ڕەهەندی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە هونەری گوزارشتی چەندین لایەنی کولتووری لەخۆگرتووە کە وایکردووە هونەرمەندان دوودڵ نەبن لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی گشتی. (جمیل, ٤٤،٢٠٠٠)کە هەندێک لەو پێکهاتانە تایبەتمەند بوون بە بنەما یاساکان، و هەندێکی تریش بە سیاسەت و سیستمی حوکمڕانی و لەگەڵ بواری ئابووریدا، لە هەمووشیان دیارتر لایەنی ئایینییەو دەرخستنی ناخی هونەرمەندە،وەهونەرمەند ئازادانە دایڕشتۆتەوە هونەری بەشێوەکی ترهونەی پێشان داوە، کە زیاتر لە هەموویان تیشکی خراوەتە سەرخەتو هێڵ و داڕشتنی گەیاندنی ماناکانیان. ئەمانە هەمووی دەستێکی بالایان هەبووە لە پێکهێنانی بنچینەی پێشاندانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی سەردەمی پێش خۆی و دوای خۆی و بەگشتی دەرخستنی ئەوشتە کپکراوانەی کە نەخرابونە ڕوو، هەر بۆیەش سەرنجی هونەرمەندانی ڕاکێشاوە، تاوەکوو ڕێچکەکەی بگرن ولەسەری برۆن و سیستەمی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانە وهزروبیری ئەوکاتە دەربخەن، ئەم پێداچوونەوەیە لەسەر هەندێک چین و توێژی کۆمەڵایەتی تایبەت بە ژیانی ڕۆژانە کە لەو سەردەمەدا باو بووە، هونەری گوزارشتی بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە کاریگەری زۆری هەبوە یاسایی هزری مرۆڤایەتی تۆمارکردووە، بەو پێیەی هەندێک لەو یاسایانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمە مێژووییەکان کە بیرکردنەوەی گۆڕیوە لەلایەنی فکری و هزری یاسای بیرکردنەوەی ئێستای گۆڕیورەیەکەم هەوڵ بوون بۆ نیشاندانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەپێی ڕێسا وبنەما نووسراوەکان و دەربڕینەکان ئەم دەربڕینانەش هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕەهەندی ئەو لایەنانەی کە وای وایکردووە هزری گوزارشتی پێك بهێنرێت کەلەڕێگای ئەنجام دانی هونەریانەی بە دەستمان گەیشتووە. هەروەها لە ڕێگای خوێندنەوە و پێداچونەوە بوو.

لە سەردەمی مۆدێرنداو بەپێیەی بەرهەمەکانی بە گرنگترین و ڕەسەنترین بەڵگەنامەی مێژوویی دادەنرێت کە بەشدارییان کردووە لە بەدەستهێنانی زانین و تێگەیشتنێکی گونجاو بۆ مێژووی تایبەت بە هونەری گوزارشتی،ئەم هونەرە، وە هەروەها هزری گوزارشتی بریتییە لەتەوەرەکانی تایبەت لە بنچینەی، کە تایبەتمەندی مۆدێرن ئەوەیە کە پەیوەندییەکەی بە کۆمەڵگاوە هەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چونکە هونەری گوزارشتی لە لە سەردەمی مۆدێرندا بەرهەمێکی کۆمەلایەتی بوو یان دەگەرێتەوە بۆ دیاردە سروشتیەکانی تایبەت خستنەڕووی هزری کۆمەڵگاو پاشان گرنگی بیروکێشانی هێڵەکانیانی هونەرمەندا دیاری کراوە بە هەندێك لە تێگەیشتن وگرنگی کاریگەری کۆمەڵگا لە دانانی بناغە یەکەمەکانی بە دەرخستنی ڕەهەند و فکری کۆمەڵگا. وە هەروەها هەرلە (ژینگە و کاریگەری هزری گوزارشتی لەسەر هونەر و کۆمەڵگەی دوای مۆدێرن) دا باس لەوە دەکات کە لە وەتەی مرۆڤ لەسەردەمەدا، لە جووڵەی بەردەوام و چالاکی نوێدا بووە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا خۆی گونجاندووەبۆئەوەی ئامرازەکانی ژیانی خۆی مسۆگەر بکات، ئەمەش زۆرجار شێوەی ململانێیەکی تاڵی گرتووە بۆ بەدەستهێنانی بوون و مانەوەی هەمیشەیی، جاچ لە ڕاوکردنی ژینگە بە ویستی خۆی یان لە گونجاندن و ملکەچبوون بۆ پێداویستییەکانی، بۆمان دەردەکەوێت کە هونەر لە دیارترین ئامرازەکان بووە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ژینگە و گەیشتن بە ئامانجەکانی لێیەوەوە پێشکەوتنی هونەری گوزارشتی و وێنەکێشانی بەزۆر لە ماتریاڵەکان کە وای کردوە گرنگی لەسەر بەکارهێنانی هونەر بە شێوەیەکی ئەفسوناوی بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگەیەک بۆ هونەرمەندەکان پیشکەوتن خۆی تێدا ببینێتەوە مانەوە بەدەستبهێنێت. بۆیە کاتێک باس لەهونەری گوزارشتی دەکرێت ، پێویستە بۆ ئێمە تێڕوانینێکی ڕوون بۆ واقیعی ژینگەیی هزری بنیات بنێین، بەلەبەر چاوگرتنی گرنگی پەیوەندی نێوان هونەر و ژینگە و کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی لەسەر تایبەتمەندی کۆمەڵگا و تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی بەرەو پێش بۆئەوەی هەرچەشنە سەر لێشێواوییەک لەنێوان چەمک و ماتریاڵەکان دروست دەبێت، بەکورتی بۆ ئەوەی لەژینگە تێبگات و بزانێت چییە، هەندێک وەک و بایۆلۆژیی دەوروبەری مرۆڤ و شارستانیەتەکەی وەسفی دەکەن کە هونەرمەند دەتوانێت ئەمەش لەپیناو بەرو پیشچونی هونەری گوزاڕشتیە تا ئیستاش سود لەو بەروبومە هزریە بەرەو پێشچونە وەردەگیرێت. هونەرمەند ڕۆڵە سەرەکییەکە دەیگێڕێت لە پێکهاتنی جۆری داڕشتن و گوزارشتن کردنی هونەرەکەی کاریگەرییەکانیان لەسەر فۆرمەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە لە نێوانیاندا هەیە، سروشتی مرۆڤایەتی، زاڵبون بەسەر مرۆڤەکانی ئەوسەردەمە. (جمیل, ٤٤،٢٠٠٠) هە ڕوە ها ئاماژە بە کاریگە ڕییەکەی لە سە ڕ پێکهاتەی فیزیۆلۆژی و دە ڕوونی مرۆڤ دە کات و بۆ ئە مە کان دە خاتە ڕوو ،کەواتە دوای هەموو ئەوانە دەبێت زۆر نموونە لە جیاوازییە کانی نێوان

هزری مرۆڤەکان دیاری بکرێت و داڕشترێتەوە گرنگی بەو ڕاستیە بدەین کە جیاوازی لە نێوان ژینگە و مرۆڤدا نییە، بەڵکو دەبێت لەوە زیاتر بچین کە پێیان وابوو ژینگە تەنها ئەو ژینگە سروشتیەیە کە هونەرمەند تێیدا دەژی. ژینگە لە یەک کاتدا بە مانای ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی و کولتووری دێت و کاریگەرییەکەی کاریگەرە لە ژیان و ڕەفتار و پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. بەڵکو شانازیی پێدەکرا بۆ دیاریکردنی شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی. بەم پێیە زاراوەی ژینگە ئەو شتانە دەگرێتەوە کە پێی دەوترێت ژینگەی سروشتی هونەرمەند دەبێت ئاگاداربێت، لەوانەش تایبەتمەندییە سروشتی و بایۆلۆژییەکانی ئەو ناوچەیە جوگرافییە دیاریکراوە یان شوێنی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا دەتوانێت هونەرمەند سودمەند بێت بەپێیی ئەوناوچەی مەترپاڵی جیاوازی هەیە، هەروەها ئەو تایبەتمەندی و سامانە سروشتیانەی کە ئەم شوێنە لەخۆدەگرێت وەک کەهونەرمەند دەتوانێت سودی لیوەبگرێت دەبینرێت کە دەستی باڵایان هەبوە لە لەپێک هاتەی کارەکانی هونەرمەند ڕەنگ دانەوەی هەیە، لەگەڵ سەلیقەی زاڵبون بەسەر هونەرمەندەکانی ئەوسەردەمەو بەهۆی ئەمەوەوە یارمەتیدەرێک دەبێت بۆ هونەرمەند، بۆنموونە هونەرمەندێکی گوزارشتی کوردجیاوازە لە هونەرمەندێکی گوزارشتی بیانیەک بۆیە بەپێی ناوچەی جوگرافیا دەگۆردرێت هونەرمەند دەتوانێت سود لەو ناوچەی لێیەتی سودی لێ ببینێت.



**وێنەی ٤ کاری عەلی جۆلا**

بۆ نموونە هونەرمەند (**نامیق عەلی قادر، وێنەی٤**)کە هونەرمەندی کوردە جیاوازە ئیش کردنی گوزارشتی لە هونەرمەندێکی تری ناوچەیەکی تر.وەک نموونەیەک لەکارەکانی نامیق عەلی بهێنینەوە کە خۆی کتابێکی دەرکردوە بەناوی (سمبوولەکانی بیرەوەری) هاتوە کۆمەڵێک ئیشی خۆی خستۆتە ڕوو کەبەشیک لەکارەکانی دەرگاو وێنەی کلتوری ناوچەی خۆی بەکارهێناوەتەوە کە زۆر بەجوانی دایرشتۆتەوە وەک لە وێنەی کەنموونەی کارەکانی تێیدا دەردەکەوێت. (حەسەن, ٢٠٠٥, ٢٣)وەهەروەها کە باس بکەین کە لەسەر (پێکهاتەی کارەکانی نامیق ) لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی تەکنیک و پێک هاتەی کارەکانی،بوو ئەویش جۆرێکە لەستایلی گوزارشتی خۆی دەکات کەچۆن بەچەند ئەوچوارچێوانەی هێناوە شێوەی پێبەخشیوەکە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوزارشت لەکاری خۆی دەکات کە چۆن ئەوبەهۆی بەهرەو شارەزای خۆی برەی بەهونەرکەی خۆی داوە،بەپێی بیرکردنەوە ئەزمونی ڕۆژانەی کە بەپیی بەهرەی و و بیرکرنەوە و بەرە پێشجونی پێکهێنانی کۆمەلگا. هەر بۆیە ئەو بەهەرەوشارەزای کە هەیبوە بەدەستی هێناوە بەهۆی ئەزمونی رۆژانەی کەتێی تێپەراندووە بویتە ئەزمونێک بۆ پێشکەوتن و سود وەرگرتن لە ڕابردوو ،لە دوای تێڕامانیکی لەکارەکانی بو تابلوکانی هونە رمە ند (نامق عە لی قادر) لە پیشانگای سێنزە دە مینی تاییە ت بە خۆی ( نامق ) بو شتە کۆن و پە ریووت و فە رامۆشکراو و فڕیدراوە کان و سە ر لە نوی زیندو کردنە وە یان و جاریکی دیکە روح کردنە وە بە بە ری ئە و شتانە دا و پیشاندانیان لە بە ڕەگ و ڕووخسار و ئاکاری دیکە دا ئە وە یان هە ولیکی جوان و پرگوزاشتی ( نامق ) بوو .

وەهەروەها لەکارەکانی هونەرمەند **(عەلی جۆڵا** لەوێنەی ژمارە٥**)**دا دەدەکەوێت کە دا کە ڕەنگ وهێڵ و هەموو کارەکانیتێدا ڕوون وئاشــکرایە کەئەم تابلۆیەی بەناوی دایکایەتی کەرەســتەی جۆراوجۆری تێدا بەکار هێناوە، هونەرییە نوێیانە بە تەواوی لە هەوڵەکانی پێشــوو دابڕاونییە، بەڵکودرێژەدان وگەشەسەندنی پێکدەهێنێت، بەڵام بە ڕەهەند و ئاسۆی نوێیەوە. نموونەی کارەکەی هونەرمەندکورد عەلی کەریم کەبەناوی (دایک ومنداڵ)کەتێیداهونەرمەند پێکهاتەی ڕەنگەکانی لە ڕوی هەلبژێریەوەئازادییەکی لە ڕادەبەدەر دەبیندرێت، ئەمەش وای لە کارەکانیان کردوە، هونەرەکە ناسـکی و گرژی و تێک هیڵکێشتەکی جوان لەناو کارەکەیدا دەر دەکەوێت. دوای ئەوەش بیرۆکەکانی هاتە کایەوەلە لایەن هونەرمەندکارێکی تری،تابلۆکیتری بەناوی(گولێک لەوێنەی٦دیارە) بە نمایشـکردنی هونەری ئەندازەیی کە لەم بوارە پێشـەنگ بوون لە ڕووی هێڵ ورەنگ و هێڵەوە.



**وێنەی٥کاری عەلی**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروە ە کە تێیدا چەند هێڵ و ڕەنگی تێدا بەکارهێناوە،



وێنەی ٦ عەلی کەریم

درەوشانەوەیان لەگەڵ سروشتی دیوارەکانی دەوروبەری و گونجانی کەشی وینەکە لەگەڵ کەشی ناوتابلۆکە، جگە لەوەی کە بژاردەی هەولی نیگارکێشانی ئەو مرۆڤانە، وەک ئەوەی لە ژوورێک دادەبیندرێت، نەک لە فۆرمی خۆی بەڵکو لە قەوارەی خۆی و بەو شێوەیەی کە هەستی پێ دەکات و لە بەرکردنی جوڵەو ریتم و ژیانی بینراو تەنیا لە کاتی وێنەکێشاندا بێ گوێدانە هیچ جیاکارییەکی تر وەک بەرجەستەکردنی قەبارە، قووڵی، هەموو ئەوانە شێوەی (گوزارشتی) یان بە وێنەکان بەخشیون. هونەرمەندی دێرین لەچەندین فاکتەرەوە کاریگەری هەبووە، وایکردووە هونەرەکەی بەپێی سیستمێکی دیاریکراو بڕوات، یەکێک لەو فاکتەرانە بیروباوەڕی ئایینییە، هەموو کەسێک کە خۆی بیردەکاتەوە ناچارە لەسەر مەسەلەی ئایینی هەڵوێست وەربگرێت.

هەرلەدارڕشتنی ماناو هێل وگوزارڕشتی ناخی کارو چەمکی گشتی هونەرمەند (رۆستەم ئاغالە)ئە و نووسینانە ی لە سە ر نووسراون ، زۆرن بە ڵام بەوردی لەسەر کارەکانی دواوە گوزارشتی لەسەر دەکات ، دەڵێت دە زانم و ئە وان زیاتر باسی خویان دە کەن هە ست و تە کنیکیی منیان لە بیر کردووە. بویە چیی تر ئە و ی پیشتر لە سە رم نووسراون دووبارە نایاننووسمە وە لیرە دا ئەمە کارەکانی وبەرە نیگاری بووە لە ئاست باری هەڵچونی دەروونی ونائارامی وئارامی ساتەکانی خۆیدا بەبەرنامەو بێبەرنامە هەروەها کارەکانم بەرلەوەی سەرکەوتو جوان هارمۆنی بن باسی چیروکی شکان و نازار و بیزاریی خولقینە ری کارە کانی بوونە،بۆیەئەگەر بۆشایی لە کوبیزم ناوەڕۆك بي تیشك لە ئیمپریشینزم ناوەڕۆک بێت هەست لەکاری گوزارشتکاران سەرەکی بێت ، ئە وا لەکاری مندا هەرسێک لایەن توخمی پێکهێنەری کار دەبن ،لەڕەهەندی بیکاسو و براکدا شێوە لە پیناو ڕەنگدابووە ئەو تادواساتی ژیان هە ر شیوە ( فورم ) پیکهینە ری سە رەکیی کاریان بووە. نازانم کە ی شێوە دەفری لە کارە کانمدا هە ندی جار ڕەنگ لە پیناو شیوە دابە کاردەهێنم. من کاندنیسکی نیم فیگەری تابلۆکانم دەربهێنم ئەمەش مانای ئە وە نادا کەمن هەوڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ئەندێشەم نەبی بۆمۆدێرنە، كاركردن لە مودێرنە زورجار كوشتن و لەناوبردنی كەسایە تییە كولتوورییەكانە. دەمەوێ شیوازی مۆدێرنە سوودلە كولتووری میللەتان وەربگرم ئەگەر بڕوانینە ئەو هونەرمەندانی داهێنەرانی مۆدێرنە سوودیان لە كولتووری دەرەوەی ئەوروپا لەگرافیكی چینی وژاپونی سوودیان لە ماسك وپەیكەری كەری میلەتەكانی ئە فریقیا وئاسیا و كولتووری ئەمریكا وەرگرتوە .لە هونەری شیوەكاریی كوردیدا هونەری كلاسیك ومودێرنەمان كە وتووەتە دوای ئەو مێژووە وە نەشونمامان لەسەردەمی دیجیتەڵدایە ، بویە قوناغەكانمان پووچ وناكامن و بەسەریەكدا ڕژاون جیاكردنە وە یان ئاسانە بەڵام زۆر لەیەك دەچن لەناو سەدەی گەشە وكوتاییدا، لە سەرەتای نەوەوەتەكان زۆر هەولَی نویَ داوە بۆنموونە لەوانە، لەبۆیە ئاغالە لەكاری ڕەنگدا لە شوینی فلچە تەختەی پانی بەكارهیناوە بۆڕەنگدانانی سەركانڤاس بۆكارەساتی هەڵەبجە لەژووری بە شی ناوەخوییەكەیان لەسەركاریز پیشەنگی كردووە تەوەروشێوەی كردنەوەكەی بەشێوەی نائاسایی بووە بە هینانی شە ش تایەی ئۆتۆمبێل لە ناو دەرگە و ڕووخاندنی و لابردنی لە لایە ن كارگوزاریكی نەخویندەوارە وەهەروەها پاككردنە وەی شوینیكی وەك قەیسەری كۆیە كەسی و پنج سال بوو داخرابوو لە ناوەڕاستی شاروسەنتەری بازار لە كۆیەبۆماوەی دوو مانگ بەتەنیا پاكم كردە وەكاریكی گرینگ و بە خشینی جوانی و دۆزینەوەیەک بووبونەوەری تەمەنی خۆم پاككردنەوەوگۆرینی ڕابردوو و ناساندنی بە ئێستا، بە هونە رم زانیوە، لە سە رەتای نە وەتەكاندا كاری چاكە ودۆزینەوەو بیرخستنەوەم بەهونەر زانیوە. (ئاغالە, ١٩٩٨،٥٠) بۆیە هونەرم بە بەشێك لەجەربەزە یی زانیوەنە وەبەومانایە نییە كە پەشیمانە بگرە چیی تر وا كار ناكات ئەو كارە زۆری پێنەبەخشی، ئازادیی ونازادیم بەتواناو هیزی خۆی خولقاند لەشارێكی وەك كۆیە داوە هیواو هەستی بەرزی بەخشی بەم شارە، كردنەوەی ناو قەیسەرییە یەكەم بەدەربڕینی سفتاحی كردنەوە یەك بوو لە دامە زراندنی حكوومەتی هەرێم لە( ١٩٩٢)سالی دا. (ئاغالە,١٩٩٨،٥٠) ئیستا لە بری قەیسەریەكە ڕێیەكە پاك بكرێتەوە نواندنی تیدا كرد وە گەلەرییەك بەشیوازی ناو قەیسەرییە لە كۆیەدا دروست دەكات. هەروەها دەستیبدا بەكۆكردنەوەی كۆنە قوتووە ژەنگاوییەكانی سەر گوفەكەكانی كۆیە، كە قوتووی پینج كیلۆی ڕۆنی ڕاعیی ، هینا لەسەر شەقامیكی كراوەو قەرەبالغ و پاش سەر ئیشەیەكی زۆر لەپلاری خەڵك و نەبوونی هاوكاریی مادی و مەعنەوی ئەوشیوازی كارەلەوسەردەمەدا زۆر نویَ بوو لە هەموو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردستاندا بەهۆی ئەو پرۆژەوە پێیان دەگوت (ڕۆستەم قودی) کە ئاماژە بوو پڕ قوتووە کۆنەکان،ئەگەرکەمێک ئاوڕلە رابردووی بدرێتەوە هەرلە سەرەتای ڕۆژانی پەیمانگاوە وەتا ئێستا زۆر نەهامەتی کێشا، لەوەرزی بەهارو هاویندا بووە بەهاتنی بەهار چوار بوو بەگوڵاڵە سوورە و نیرگزوگوڵە حاجیلەو مەندیلان لە کویە دە چوونەناو ڕەزان بەچەپك لەناوباخەکان و کیلگەی پاقلەدا گولە نیسان گولالە سوورهی دە هیناوژوورەکەی جار هەبووە لەشەو و ڕۆژیکدا چوار یا پینج ستیلایفی نیگار کیشاوە. (ئاغالە, ٥٢،١٩٩٨)هە موو جارە کانیش هە ر کراسیکی لە بە ردا بوویی بە رە نگی سووررەنگاوە و لە پاشان بە فلچە دەکەوتەسەری تا پەلە سوورەکانی دەکرد بەبەشیك لەنەخش بۆسەرکراسەکە ئەوبارەچەندان جار دووبارە دە بووە وە لە پاشان کردمە شیوازێك بۆ دیزاین و گۆڕینی **هێلکاریم** لە کار لەسەر ئاکارو گوزارشتی ئەوسروشتیەوئەو باس نەکراون بە کارکانی وە ڕەنگ دانەوە لە کارەکانی دیارن وەک لە (**وێنەی٧کارەکانی ئاغالە** )دا دیارە گوزارشتین. (ئاغالە, ٥٣،١٩٩٨) ئەو شیکارییە دە روونییە لەسەر کارەکانی کراون زۆرترین شیکاریی دەروونی کانی (سروشتی بێ گیان )کراون. بەردەوام لە گۆڕانکارییە خێراکاندا بوو



،ئاغالە دوای ئەمەش کاری وێنەکێشان لای هونەرمەندانی کوردی و بە کارەکانی، لە زۆربەی شوێنەکان بڵاوبۆوچەندین جۆری قەڵەمو فڵچەی جۆراوجۆری بەکار هیناو بەرهەم هێنا، لەسەر خواستی هونەرمەندانی کوردی شێواز و جۆری فڵچەکانیان دروستکرد، چونکە کاتێک وێنە دەکێشیت زیاتر پێویستیت بە تەکنیکی وێنەکێشانی گوزارشتی و جۆری هەڵبژێرکردنی فڵچەکان دەبێت، بۆ ئەوەی بتوانیت زۆرترین سوود لە پرۆگرامەکانی وێنەکێشان وەربگریت. ئەو گوزارشتیە لای خودی هونەر مەند دارشتنی بۆ **وێنەی٧کاری ئاغالە** کارپێکردن ئامرازێکی هونەری نوێیە بۆ فێربوون. (ئاغالە, ٥٤،١٩٩٨)

گرینگترین بەشی هونەری وێنەکێشانی لای ئاغالە کە لە پالێت وفڵچەو ڕشتنی ڕەنگەوەدەست پێدەکات تاوەکوهەموو هزرو گوزاشتیەکەشی پێک هاتووە. هەر پرۆگرامێک جۆری شێوەو فڵچەی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر بۆیە وێنەکێشان بە شێوەی گوزارشتی وەک بەکارهێنانی هەر تایبەت مەندی خۆی هەیە لە هونەردا قەڵەم و فڵچە هەواییەکان، تەنها ئامرازێکی ترن بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شارەزابوون. هەموو ئامرازەکانی دروستکردنی وێنەکێشان لە گوزارشت وێنەکانی. (ئاغالە, ٥٦،١٩٩٨)

## دەرئەنجام :

١- هونەرمەند لە هونەری گوزارشتی، هەمیشە دەیەوێت لە ڕێگەی ئازادی ڕادەربڕینی گۆڕینی شێوەکان و هێنانەکایەییشێوەی تازا بۆ ناو تابلۆکان ، مانا و بەها بگەڕێنێتەوە بۆ شێوەکان و جۆری ڕەنگی زەق و و دارشتنی تازە بهێنێتە ناو تابلۆکان.

٢- بەکارهێنانی هەمەچەشنی لە تەکنیك وستایلدا پانتاییەکی گرینگ دەنوێنێ لە هونەری گوزارشتی کوردی.

٣-ئازاد بوونی هونەرمەند لە دونیای ماددی و هەستی، دوورکەوتنەوە لە بابەتی ڕاستەوخۆ تابلۆکانیان لە خزمەتی شتەکانی ناو واقعدا نیە، بەڵکو ناوەرۆك بۆ خۆی شێوە دروست دەکات.

٤-مامەڵە کردن لەگەڵ وهێ ڕووبەر و ڕەنگ تەنها ئامرازیك نەبوو بۆ دەربرین یان دیاری کردنی سنورەکان، بەڵکو هەستکردنیش بوو بۆ حاڵەتە دەرونیەکان.

## سەرچاوەکان:

ابراهيم زكريا. (١٩٧٣). الفنان والانسان -دراسات فى علم جمال و الفلسفه الفن .
ابراهيم زكريا. (١٩٧٣). الفنان والانسان_دراسات فى علم الجمال وفلسفه الفن.
القزوينى محسن رضى. (٢٠١٧). تراث امن عباس. العراق.
امهز محمود. (١٩٨١). الفن التشكيلى المعاصر. بيروت.
اميل بديع يعقوب . (١٩٨٧). المعجم المفضل فى اللغه والادب. لبنان بيروت.
باونيس الان . (١٩٩٤). بغداد.
ج. اموار. (١٩٨٨). مئه عام من الرسم الحديث. بغداد.
جيروم ستولينتز. (٢٠٠٧). النقد الفنى دارسة جمالية والفلسفيه. الاسكندريه.
محمد عبدوالواحد. (١٩٨٧). الرسم بالالوان النقديه
ڕۆستەم ئاغالە. (تشرینی ١٩٩٨). ناوم ئاغالەیە. هەولێر: دەزگای ئاراس.
شێرزاد حەسەن. (٢٠٠٥). سمبولەکانی بیرەوەری. سلێمانی .
کەلسومە جمیل. (بلا تاریخ). مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیک.
دارا محەمەد على. (٢٠٠٨). شێوەکارانی هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئارام محمدی. (٢٠١٨). هونەری مۆدێرن .

---

# The Dimensions of Emotional Expression

**Basoz Muhamad Mawlwood**
Department of Plastic Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: basozzmuhamed@gmil.com

**Prof. Dr. Zedan Rashid Bradosti**
Department of Archaeology, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Zidan.bradostyzidan@gmil.com

## Abstract
In general, this research is entitled Intellectual Dimensions of Expressive Art. Nista's research is related to an expressive reading of the works of modern painting I'm sorry Naluz was born when the world has seen the most changes and these rapid changes have changed the meaning and incorrectness of art. The content of the research consists of four parts What are the reasons why artists reuse materials in an artistic work? After an important generation of research, it was determined that trying to find the dimensions of beauty of change, the artist has been able to be free, as well as the research, It is a theoretical framework of research consisting of four disciplines, The first category, which discusses the art of intellectual dimensions of expressive work, is a kind of universal representation of artistic concepts and their way of expression and the view of society and art and the view of art as a reaction to its development The second topic is about understanding the value of expressive work, the meaning and method of artistic works. The third topic is about the style, structure and techniques of expressive work. The fourth topic is about understanding the work of intellectual expression The distribution is explained as follows:

1- Expressive paintings were able to create a unification in the drafting of artistic genres between the used itself.
2 Artists are able to reuse used raw materials in reproducing their nature and work
3-Explanation and presentation of the group is an expressive task of reaching a number of conclusions. At the end of this research, in addition to identifying the sources and proven conclusions, this research makes some recommendations and proposals English is coming to an end.

***Keywords***: *Thought, art, dimension, expressions, shape*

## الابعاد الفكرية فى فن التعبيرى الأفكار والفن والتعبير والشكل

**مخلص:**
بشكل عام ، هذا البحث بعنوان الأبعاد الفكرية للفن التعبيري. يرتبط بحث نيستا بقراءة معبرة لأعمال الرسم الحديث أنا آسف ولد نالوز عندما شهد العالم معظم التغييرات وهذه التغييرات السريعة غيرت معنى الفن وعدم صحته. يتكون محتوى البحث من أربعة أجزاء ما هي أسباب إعادة استخدام الفنانين للمواد في عمل فني؟ بعد جيل مهم من البحث ، تقرر أن محاولة العثور على أبعاد جمال التغيير ، استطاع الفنان أن يكون حرا ، وكذلك البحث،هو إطار نظري للبحث يتكون من أربعة تخصصات،
الفئة الأولى التي تناقش فن الأبعاد الفكرية للعمل التعبيري هي نوع من التمثيل العالمي للمفاهيم الفنية وطريقة تعبيرها ورؤية المجتمع والفن ورؤية الفن كرد فعل على تطوره
الموضوع الثاني يتعلق بفهم قيمة العمل التعبيري ومعنى وطريقة الأعمال الفنية. الموضوع الثالث يتعلق بأسلوب وهيكل وتقنيات العمل التعبيري. الموضوع الرابع يتعلق بفهم عمل التعبير الفكري يتم شرح التوزيع على النحو التالي
-1- استطاعت اللوحات التعبيرية خلق توحيد في صياغة الأنواع الفنية بين المستخدمة نفسها.
2 الفنانون قادرون على إعادة استخدام المواد الخام المستخدمة في إعادة إنتاج طبيعتهم وعملهم.
3_يعد شرح المجموعة وعرضها مهمة معبرة للتوصل إلى عدد من الاستنتاجات. في نهاية هذا البحث ، بالإضافة إلى تحديد المصادر والاستنتاجات المثبتة ، يقدم هذا البحث بعض التوصيات والمقترحات باللغة الإنجليزية على وشك نهايته.